# بنبەستی فیدرالیزمی کاتی لەبەردەم ڕێگای داخراوی هەڵبژاردن دا

## ئاسۆ کمال

دوای لە هەناسە برکێیەکی یەك ساڵ ونیوی فیدرالیزمە کاتیەکەی یەکێتی و پارتی بۆ خۆگونجاندن لە عیراقی دوای بەعسدا ، ئێستا لەبەردەم ڕێگای داخراوی هەڵبژاردنەکاندا گەیشتۆتە بنبەستی خۆی.

یەکێتی وپارتی لە فبولکردنی پلەدوویی پۆستی سەرۆکایەتی و حکومەت لە عیراقدا و بەواز هێنان لە هەر زەمانەتێکی دەولی لە بڕیاری 1546 ی مەجلسی ئەمندا ، هێشتا بەپینەوپەڕۆکردنی ئەوەی پۆستیان بۆ گرنگ نی‌یە و وەك هاوپەیمانی ئەمریکا دەمێننەوە دەیانویست خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کوردستان و ئەو ڕاستیە بشارنەوە کە لەم پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراقدا چارەنوسی خەڵکی کوردستان کراوەتە قوربانی. بەڵام ئێستا کە ئیسلامیەکان و ناسیونالیستە عەرەبیەکانی عیراق دەیانەوێت ئەوەی لەم ساڵ ونیوەدا بەحساب لە قانونی کاتی و حکومەتی کاتیدا نەیانتوانیوە بەدەستی بهێنن دەتوانن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەناوی دەسەڵاتی زۆرینە دایسەپێنن.

ئەم ئەنجامە ئاشکرایەی هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەمڕۆ قورگی یەکیتی وپارتی ووشك کردوە و ئەو خەونەی بەمانەوەی فیدرالیزمەکەیانەوە دەیان بینی لە بەردەم دەرگای ئەم ڕووداوەدا ڕاچڵەکاوە. شکستی هەوڵ و پەلاقاژەکانی کۆبونەوەکانی یەکێتی وپارتی لەگەڵ حزبە ئیسلامی وقەومیە عەرەبیەکانی عیراقدا بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەش و سڕینەوەی ناوی فیدرالی لە بەیانی کۆبونەوەی شەرم شێخدا ، ڕێگایەکی داخراوی بۆ هەڵبژاردن لە بەردەمدا هێشتونەتەوە. ئەوان بە گرتنەبەری ڕێگای مانەوە لە عیراقدا ناچارن ڕێگای هەلبژادنێك بگرنە بەر لەکاتیکدا ئەنجامەکەی دەیانکاتە کەمایەتیەك کە دەبێت گوێڕایەڵی زۆرایەتی دژ بەخۆیان ببن. ئەمە بنبەستێکی سیاسی گەورەیە کە هەموو پرۆژەی فیدرالیەکەیانی بردۆتە ژێرپرسیارەوە و ئایندەیەکی تاریکی بۆ دەسەلاتی ئیدارە محەلیەکان و میلیشیاکانی یەکێتی و پارتی داناوە و ڕۆژ ژمێری پێچانەوەی دوو حکومەتەکەیانی خستۆتە بەردەمیان. ئەو هات و هاوارەی ئەمڕۆ سەرانی یەکیتی و پارتی دەیکەن بۆ ئەوەی نابێت حوکمی عیراق بکرێتە زۆرایەتی وکەمایەتی ناتوانێت لەناو حزبە ئیسلامی و قەومیە عەرەبیەکاندا گوێ بیستێکی بۆ پەیدا ببێت و دەنگی فیدرالی کردنی دەسەڵات تەنها لە گوێی خۆیاندا دەزرنگێتەوە.

ئەم حزبانە ئەوەتا لە پێناو بەشە دەسەڵات و داهاتیان لە شاری کەرکوکدا داوای دواخستنی هەلبژاردنی شارەوانی کەرکوك دەکەن ، بەڵام لەسەر نادیاری چارەنوسی کوردستان لە سایەی هەلبژاردنی عیراقدا قسەیەکیان نی‌یە . ئەمە تەنها لەبەرئەوەیە کە بەشیك لە دەسەلاتی کاتیان داوە بەم حزبانە لە کوردستاندا و لە کەرکوکیشدا تەنها بەشوێن دابینکردنی ئەو بەشە دەسەڵاتەوەن نەك چارەسەری کێشەی کەرکوك کە بەشێکی جیانەکراوەی کێشەی کوردە لە عیراقدا.

چارەنوسی خەڵکی کوردستان لە ساڵ و نیوی ڕابردوودا قوربانی ئەم سیاسەتی فیدرالیەتیەی یەکێتی وپارتی بوە. ئێستا خەتەری خۆسەپاندنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی ئیسلامی و شۆڤینیستی عەرەبی لە عیراقدا خەریکە لە دەرگای هەڵبژاردنێکەوە دەبرێتەوە کوردستان. پارتی و یەکێتی بە هەر گلەیی وگازندەیەك هەیانە دەچنەوە ژێر سایەی ئەو هەڵبژاردنە و لە حکومەتی داهاتوی ئیسلامی وقەومیدا دیسانەوە چەند کورسیەکی وەزارەتی بێبایەختریان پێدەدرێت و عیراقچیتی و فیدرالچیتیەکەیان ڕێگای تری جگە لەمە لەبەردەمدا نی‌یە. بەڵام نابێت ئەم چارەنوسە ڕەشە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنرێت. ڕێگای خەڵکی کوردستان هاتنە مەیدان بۆ سەپاندنی خواستی رفراندۆم پێش ئەو هەڵبژاردنانەیە. چیتر نابێت مافەکانی خەڵکی کوردستان بکرێتە قوربانی ئەم بەشە دەسەڵات و داهاتەی یەکێتی و پارتی .

ئێستا دەورانێکی حەساس و چارەنوس سازە لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا کە دەبێت لە پێناو پاراستن و مافەکانیدا بە هەموو هێز و تواناوە بێتە مەیدان و ڕێگا نەدات بەبێ حسابکردن بۆ ماف و ڕای خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنوسی کوردستاندا بەناوی هەڵبژاردنەوە بیرێتەوە سایەی ڕژێمێکی مەرکەزی ئیسلامی وقەومی شۆڤینیست. خەڵکی کوردستان ڕێگاچارەی واقعی خۆی بە جیابونەوە لە عیراق و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ دەبینێ و نایەوێت تەسلیمی چارەنوسی پلەدوویی و ژێردەستەیی ببێتەوە لەڕێگای هەلبژاردنەکانی عیراقەوە.

ئەمڕۆ بەرپاکردنی رفراندۆم پێش هەلبژاردنەکان خواستی زۆربەی خەڵکی کوردستانە و ئەمە تەنها زەمانەتی پاراستنی خەلکی کوردستان لەو هەرەشانەی هەلبژاردنی داهاتوی عیراق بەدی دەهێنێ. کۆنگرەکانی رفراندۆم لە لەندەن ولە کوردستان ئەو یەکەم هەنگاوەی خەڵکی کوردستان و هاوپەیمانانی جیهانیەتی کە دەتوانێت ئیرادە و نەخشەی بەدیهینانی ئەم خواستە بخاتەگەڕ و بە دنیای بناسێنێ . پێویستە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئەم دەنگی حەقیقەت و مافانەی خەڵکی کوردستان هەموو لایەك لە هەر هاوکاریەك پێیان دەکرێت درێغی نەکەن. ئێمە لەپێناو یەکگرتوکردنی ڕیزەکانی خەلکی کوردستان لە دەرەوە لە کۆنگرەی لەندەندا بۆ خۆڕاگەیاندنمان وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەنگاودەنێین.